# تیرۆر لە کۆڕێکی بەرفراواندا

**لاهای–هۆڵەندە**

ڕۆژی شەممە 14–8–2004 ڕێکخراوی ماڵی عێراقی لە لاهای هۆڵەندە کۆڕێکی بەرفراوانی لەسەر تیرۆر بۆ کۆمەڵێك کەسایەتی عەرەب و کورد و ئاشور و کلدان سەر بە تەوژمی ئیسلامی–عەلمانی و کریستان ڕێك خست .
سەرەتا ئەبو فەرەح بە ناوی ماڵی عێراقییەوە بەخێر هاتنی میوانەکانی کرد , پاشان سمینارەکە بە وتەیەکی کورتی باسیمە بەغدادی دەستی پێکرد و ئەوجا منیسۆ فلیپ نەجم نوێنەری گەڕوکی ڤاتیکان لە ئەوروپا لە وتەیەکی کورتیدا باسی پێکەوە ژیانی گەلانی عێراقی کرد لە مێژودا , وتی ئەوانەی ئەو کردارە تیرۆریستیانەیان دژ بە کریستانەکان ئەنجام دا لەبەر ترسنۆکییان نەیان وێرا ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن .
پاشان نوسەر و ڕۆژنامەوان مەحمود ڕەزا نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان کورتەیەکی پوختی لەسەر سەرهەڵدان و نەش و نما کردن و لێدانی تیرۆر لە کوردستان کرد .
هەرچی د. حوسێن خەتیب نوێنەری مەجلیس ئەعلای ئیسلامی و سەرۆکی ڕێکخراوی ماڤی مرۆڤی عێراقی لە هۆڵەندەیە باسی ئەوەی کرد حەوزەی عیلمی و مەجلیس ئەعلا ئیدانەی ئەو کردارە تیرۆریستییانەیان کرد دژ بە کەنیسەکان ئەنجام درا .
پاشان سلیمۆ حداد بە ناوی جالییەی ئاشورییەکانەوە سوپاسی ئامادەبوانی کرد کە هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ کریستانەکان دەربڕی .

ئەوجا نۆرە گەیشتە سەر بەڕێز حەمەشوان کەسایەتی سیاسی ناسراوو و نوێنەری حیزبی شیوعی کوردستان ئەویش لە وتەیەکی کورتدا ئیرهابی سیاسی و ئیرهابی فکر و ئیرهابی بەزۆر پۆشینی حیجابی شەرمەزار کرد .
هەرچی نوێنەری حیزبی دەعوەی ئیسلامی عێراقییە ئەویش تەقاندنەوە دژ بە کەنیسەکانی شەرمەزار کرد , لە هەمان کاتدا دەست و پێوەندەکانی موقتەدا سەدری تاوانبار کرد بەوەی بەرەو ئەنجام دانی کاری توند و تیژی دەبەن .
هەرچی عەمید جەلالە ( قائید قوات حمایە منشئات حیویە) ووتی —ئەوەی ئێوە دەیبیستن لە تیرۆر تەنها ڕوکەشەکەیە ڕۆژانە دەیان کرداری تیرۆریستی ئەنجامە درێت لە ڕفاندن و تیرۆری تاك باس ناکرێن . ئێستا گەل هاوکاریمان دەکات بە بەخشینی زانیاری گرنگ بۆ لێدانی تیرۆریستان . پارت و هێزە سیاسییەکانیش هاوکاری هەمەلایەنە دەکەن و بەردەوام زانیاریمان دەدەنێ .
لە بەشی کۆتاییدا نوسەر و ڕۆماننوسی ناسراوی عێراقی بەشێك لە چیرۆکی ئاە یا کانی ماسی خوێندەوە کە بۆ ئاشورییەکانی نوسوە .
لە بەشی دووەمی دانیشتنەکە پرسیارو وەڵام بوو , پرسیارەکان زیاتر بەرەو ڕوی ئیسلامییەکان کرا , لە پرسیارەکاندا باسی ئەوە کرا , ئیسلامییەکان لە دەسەڵاتدا دەبن دژ بە دیموکراتین و ڕەشترین دەسەڵات پیادە دەکەن نموونە ئێران ئەفغانستان کەچی لەو وڵاتانەی لە دەسەڵات نین داوای دیموکراتی دەکەن . هەروەها بۆچی تا ئێستا ئەو هەمو کریستانە لە بەسرە تیرۆرە کرێت ناڕەزایی دەرنابڕن کە خۆیان باڵا دەستن لەو شوێنانە ؟؟؟ . ئەمەو دەیان پرسیاری کە , وەڵامەکانیشییان جێی ڕەزامەندی ئامادە بووان نەبوو.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com








PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com